# ڕێکخرای چاك یان ڕێکخراوی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان

**ڕۆژان ڕەئوفی**

کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆی  ڕۆژی یەکشەممە ٣ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ (٢٠٠٤) بەناوی ڕێکخراوی چاك (سەنتەری هەڵەبجە دژ بە ئەنفالو ژینۆسایدی کوردی) کۆڕێك بۆ یادی قوربانیانی کوشتاری خەڵکی گوندەکانی قاڕنێو قەڵاتانو ژینۆساید لە کوردستانی ئێران سازکرا، کە هەڵگری هێندێك لایەنی پۆزەتیڤو نێگەتیڤ بوو کە لەدرێژەی باسەکەدا پەنجەیان لەسەر دادەنێم.

لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی ئەم سمینارە کە لە هۆڵی دیالۆگ دا گیرا، دەتوانین بە خودی سازدانی کۆڕەکەو وەبیرهێنانەوەی ئەم کارەساتە دڵتەزێنو دژە مرۆڤایەتییەو هەروەها خوێندنەوەیەکی مێژوویی‌و خەسارناسانە بۆ چەمکی ژینۆسایدی کورد بەگشتی‌و کوردی ڕۆژهەڵات بەتایبەت ئاماژە بکەینو خستنەڕووی بەشێکی یەگجار بچووك لە ئازارو کوشتارە بە کۆمەڵەکانی ڕێژیمەکانی ئێرانو بەتایبەت ڕێژیمی ئاخوندی کە بە درێژایی مێژوو لەدژی گەلی کورد کردویانەو لەهیچ کۆششێکیش لەم پێناوەدا درێخییان نەکردوە.

سەد هەڵبەت کە سازدانو گرتنی ئەمجۆرە کۆڕانە خۆی لەخۆیدا دتوانێ هەڵگری هێندێك لایەنی پۆزەتیڤو چاکسازانە بێ کە نە منو نە هیچ کەسێکی دیکەش ناتوانێ نکۆڵی لە پڕبایەخ بوونیان بکات.

کەچی ئەگەر خودی ئەو سمینارە هەندێك هۆکاری دەرەکی‌و لاوەکی لەپشت بێ‌و خودی شتەکەش ببێتە دەستاویزێك بۆ بەرجەستەکردنەوەی لایەنێكو خستە ژێر پرسیاری لایەنەکانی دیکە کە بە شاهیدیی مێژوو و ڕەخنەگرانی سیاسی خەباتێکی ڕەسەنو بەرخودانەتریان هەیە، دەبێ خوێندنەوەیەکی دیکەمان بۆی هەبێت.

بە پێویستی دەزانم بۆ هەرچی زیاتر چوونە نێو قووڵایی بابەتەکەوەو دەرخستنی لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەم کۆڕە، بەڕێوەبەرانو کارگێڕانی سەرەکیی کۆڕەکە لەگەڵ ئاماژە کردن بە پێگەکانیانەوە لەنێو کۆمەڵەی زەحمەتکێشان دا بناسێنم، کە ئەوە یارمەتیمان دەدات زیاترو باشتر شیکاریی مەسەلەکە بکەین.

پێشکەشەکاری بەرنامەکە "ئارام مودەرسی" بوو کە بەرپرسی سکرتاریەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانە. نوێنەری ڕێکخراوی چاك لەو کۆڕەدا، مستەفا زاهیبی بوو کە پێشمەرگەی کۆمەڵەیەو لە ڕادیۆو ڕۆژنامەی شۆڕش (ئۆرگانی ڕەسمیی کۆمەڵە)دا کار دەکات. نوێنەری "هەواڵنێریی کوردستانی ڕۆژهەڵات"و "ئاسۆ ئیسلام پەنا" بوو کە لە ڕادیۆی کۆمەڵەدا کار دەکاتو پێشمەرگەیانە.

لە ڕاستی‌دا ناوەندێك یان شتێکی لەم چەشنە بەناوی هەواڵنیری کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە نیە. مەگەر ئەوەی کۆمەڵە بەشی هەواڵنێریی خۆی بەهی هەموو کوردستان بزانێو نوێنەرەکەشی بە نوێنەری هەموو گەلی کورد، کە خودی ئەو مەسەلەیەش دەبێتە هۆی چوونە ژێر پرسیاری هەستی بەرپرسایەتی‌و ئەخلاقی سیاسیی ئەو لایەنە.

کۆنفرانسی تایبەت بە کۆڕەکە لەلایەن کاك سەلاحی موهتەدی‌یەوە پێشکەش کرا کە لەبواری خوێندنەوەی مێژوویی بۆ مەسەلەکە تا ئاستێکی باش بەهێزو سەرنج ڕاکێش بوو. کەچی لەبواری خەسارناسیی کارەساتەکەدا هەوڵێکی زۆری بەکار دەبرد کە دوو چەمك بەرجەستە بکاتەوە. یەکەم ئەوەی کە هۆکاری سەرەکیی کێشەکە بەجۆرێك بە سەرکردایەتی‌و پێکهاتەی ئەو کاتەی حیزبی دێمۆکراتەوە بلکێنێ‌و ئەوەی کە ڕوودانی ئەمجۆرە کارەساتانە لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵەی بەڕێوەبەرانی حیزبی دێمۆکراتەوە دروست بووە. دووهەم سەرنج ڕاکێشانی جەماعەتەکە بەرەو هەڵوێستو سیاسەتەکانی ئەوکاتی سەرکردایەتیی کۆمەڵە کە لە دیدی بەڕێزیانەوە دروستو لەجێی خۆیان دا هاتبوون. لە حاڵێك دا ئەگەر لاپەڕەکانی مێژوو هەڵدەینەوەو سەیرێکی ڕابردوو بکەین پێچەوانەی شتەکەمان بۆ دەردەکەوێ. بەو مانایەی کە کارەساتەکانی قاڕنێو قەڵاتانو هتد پەیوەندیی بە هەڵەبوونی سیاسەتی حیزبی دێمۆکراتەوە نیەو مەسەلەکە بەرنامەیەکی لەپێش داڕێژراو بوو بۆ قەڵاچۆکردنی هەرچی زیاتری گەلی کورد. هەروەها بەڵگەنامەکانیش شاهیدن کە توندو مەحکەمترین هەڵوێستەکان بەرامبەر بەوجۆرە کردەوانە هەر لەلایەن حیزبی دێمۆکراتەوە بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵە کە لەپاش راپەڕینی گەلانی ئێران دروست بوو و هێشتا وەکوو رێکخراوێکی بچووك کاری سیاسیی خۆی دەست پێکردبوو لەم ئاستە سیاسیە دانەبوو کە حیسابێکی ئەوتۆ بۆ هەڵوێستەکانی بکرێ. سەرەڕای ئەوەش‌و بە ئێستاشیەوە بێ، کۆمەڵە هەرگیز نەیتوانیوە خۆی وەکوو لایەنێکی جەماوەری‌و نەتەوەیی دربخاو ئەگەر واشی دانێین کە ئەوکات توانیبووی بە ئاستێکی رێکخراوەییش بگات ئەوا نوێنەری تاقمێکی تایبەتی کۆمەڵگای کوردەواری بوو کە پەیوەندی‌یەکی ئەوتۆی بە مەسەلەی قارنێ‌و قەلاتان‌و ژینۆسایدی گەلی کوردەوە نیە. مێژوو شاهیدی ئەو مەسەلەیەیە کە کۆمەڵە بە ئێستاشیەوە بێ هەرگیز نەیتوانیوە خۆی وەکوو ئۆپۆزیسیۆنێکی جددی بۆ کۆماری ئیسلامی نیشان بدات. بەڵکوو بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابووە کە وەکوو ئەڵتەرناتیڤێك‌و لەراستیدا ئۆپۆزسیۆنی دیمۆکرات کار بکات. رەنگیشە هەر لە ئێستاوە بیهەوێ شەڕی بەشی دوارۆژ بکات. هەڵبەت لایەنی باسە مێژووییەکەی رەوتی ژینۆسایدی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێران دا بەشێکی گرینگی کۆڕەکەی کاك سەلاح بوو کە پێویستە سەرنجی تایبەتیی پێ بدرێ‌و بۆ ئاگاداری زیاتریش "ئامانج عەزیزکەندی" کورتەیەك لە خاڵە بەرجەستەکانی ئەم بەشەی قسەکانی کاك سەلاحی لە وتارێك دا بەناوی "ئێران‌وکورد" لە لاپەڕەی ١٢ی بەشی "باس‌و خواسی سیاسی"ی ژمارە ٢٧ی رۆژنامەی "ئاسۆ"دا بەناوی خۆی بلاو کردۆتەوە، کە لەجۆری هۆیدا جێگەی سەرنجی تایبەتە.

لە بەشێکی دیکەی سمینارەکەدا فیلمێکی دیکۆمێنتی کە بڕیار بوو لەبارەی کارەساتەکەی قارنەو قەلاتان‌و هتدەوە لەلایەن "محەممەدی حەسەنخاڵی" کۆنە ئەندامی کۆمەڵەو دانیشتووی ئەورووپاوە بلاوکرایەوە. کەچی لەراستیدا جیا لە نیشاندانی چەند وێنەیەکی تایبەت بەم کارەساتەوە شتێکی دیکەی پێ‌نەبوو. بەڵکوو زیاتر تەرخان کرابوو بۆ نمایشی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەو وتاری "عەبدوڵلا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵە" کە لەکاتی خۆی لەمەهاباد خوێندبوویەوەو هەروەها پڕوپاگندەی ئەم رێکخراوە.

جێی سەرسوڕمان بوو کە لە کۆڕێك دا کە بۆ یادی قوربانیانی ژینۆسایدی کوردستان بەتاوانی کوردبوون گیرابوو، بەجێی سروودی "ئەی رەقیب" کە سروودی نەتەوەیی گەلی کوردە، سروودی "کارگەرین، جەنگاوەرین" وەسەر خرابوو.

سەرسوڕهێنەرترین بەشەکانی ئەم سمینارە سەرسوڕهێنەرە ئەم بەشە بوو کە پێشکەشکاری بەرنامەکە بەناوی رێکخراوی چاك ـ ەوە رەخنەو گلەیی ئاراستەی حیزبەکانی دیمۆکرات‌و یەکێتی شۆڕشگێڕان‌و خەباتی ئیسلامی کرد کە پەیامیان بۆ سمینارەکە نەناردبوو و بەشدارییان تێدا نەکردوە. هەڵبەت دیارە کە خۆشبەختانە "سازمانی کوردستانیی حیزبی کمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)" لە پەلاماری ئەو رەخنەو گلەییانە پارێزراو بوو و بەگوێرەی سیاسەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان کە حەز ناکات لە کوولەکەی تەڕیش دا هەر ناوی بێنێ پلاریان ئاراستە نەکرا.

جێی خۆیەتی رێکخراوی چاك یان هەر رێکخراوێکی دیکە کە بە ئەرکێکی نەتەوەیی‌و مرۆڤدۆستانەوە هەڵدەستێ ئاگاداری ئەمجۆرە گەمە سیاسیانە بێ کە ئەندامەکانی (بۆ نموونە مستەفا زاهیدی) لەراستای بەرژەوەندیی خۆیان دا، بەلام بەناوی ئەوەوە دەیکەن.

رۆژان رەئوفی
سلێمانی
٢٠٠٤/١٠/٤